# فره ئەركی مورفیمە بەندە ڕێزمانیەكان

# لە زمانی كوردیدا (كرمانجی سەروو) دا

د. نازنین جلال احمد

بەشی زمانی كوردی – كولیژی ئاداب ،

زانكوی دهوك هەرێمی كوردستانی عیراق

## ئە نجام:

توێژەر لەم لێكۆلینەوەدا گەیشە ئەم ئەنجامانە :-

١-دیاردەی فرە ئەركی :

أ-بەشێوەیەكی گشتی هەڵسانی مۆرفیمێك بە ئەنجامدانی ئەركێكی ڕێزمانی دی لە پاڵ ئەركە بنەرەتیەكەی دا .

ب-بە شێوەیەكی تایبەتی هەڵسانی مۆرفیمێكی دیاریكراو ، وەكو (مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ، یان بەندی دارشتن) ، بە چەند ئەركێكی جیاواز لە یەك ئاستدا ، یان پتر لە ئاستێكدا لە ئاستەكانی زمان .

٢-دیاردەی فرە ئەركی دوو جۆرن :

أ-فرە ئەركی لە یەك ئاستدا .

ب-فرە ئەركیی لە پتر لە ئاستێكدا .

٣-ئەگەری دەركەوتنی ئەم دیاردە ڕێزمانییە :

أ-دروستكردنی وشەی نویٚ و دەولەمەندكردنی زمانەكە (لە ئاستی مۆرفولۆژیدا).

ب-سووك كردنی باری ڕستەكە (لە ئاستی سینتاكسدا).

٤-ژمارەی ئەركە مۆرفیمەكان دەبنە بنەمای دیاردەی فرە ئەركی .

٥-ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی مۆرفوسینتاكسیە .

٦-كەرەستەی ئەم دیاردەیە مۆرفیمە بەندەكانن. ئەمەش وامان لیٚ دەكات ، بۆ ئەم مەبەستە ناچارین پشت بە ڕاو بۆچوونی ( selkirk)ببەستین ، كە بەرای ئەو دوورنیە مۆرفێمە ئەركیەكان ( چ مۆرفیمی بەندی دارشتن ، یان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی) لە یەك سەرچاوە هەلقوولاون .

# التعدد الوظيفي للمورفيمات (القواعدية) في اللغة الكردية

# (اللهجة الكرمانجية الشمالية)

د. نازنين جلال احمد

اقليم كردستان العراق/ جامعة دهوك

## الملخص العربيّ:

يُعدُّ موضوع التعدد من الموضوعات المهمة التي لم تتطرق اليها الدراسات اللغوية القديمة والدراسات اللغوية الحديثة بنحوٍ مباشر، لهذا تم اختار الموضوع كمحور للدراسات من حيث (التسمية و المفهوم) و (المورفوسينتاكسية الصرف و النحو).

لعل من ابرز النتائج التي تم التوصل اليها ان ظاهرة مورفوسينتاكسية تتم من خلال عمليتين هما (الصرف والنحو) وابرز ادواتها المورفيمات ( القواعدية، والمشتقة)؛ لأنَّ لها امكانية للقيام بعدة وظائف في أن واحد عدا وظيفتها الاساسية. كما يفترض (Selkirk) ان هذه المورفيمات (القواعدية والاشتقاقية) ربما تكون من اصل واحد .

## پێشەکی

ئەم لێکولینەوە بە ناونیشانی ( فرە ئەركی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكان- كرمانجی سەروودا) یە، هەرچەندە ئەم بابەنە لە ڕووی ڕێزمانی كۆن و نویٚ دا بە شێوەیەكی راستەوخۆ باس كراوە ، وەك دیاردەیەكی ڕێزمانی لەبەر ئەم هۆیەش ویستمان لەم لێكولینەوە دا بە جوانی و بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ تیشك بێخمە سەر ئەم بابەتە ، وەك دیاردەیەكی ڕێزمانی گرنگە .

ئەم لێكولینەوە لە ڕووی ڕێزمانی وەسفی ئەنجامدراوە ، چونكە ئەم ڕێبازە پتر خزمەتی بابەتەكە دەكات ، سنووری لێكولینەكە بابەتی ( چەمك و پێناسە و جۆر ، مۆرفۆسینتاكس) دەگرێتە خۆ .

لێكولینەوەكە جگە لە پێشەكی و ئەنجام دا چەند بابەتێكی دی دەگرێتە خۆ ئەویش:-

بەشی یەكەم لە دوو بەند پێكهاتووە :

لە بەندی یەكەمدا باسی ( فرە ئەركی ) لە ڕووی چەمك و پێناسەدا .

بەندی دووەم : مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەكان ، چەمك و پێناسە و جۆر لای :

أ- زانایانی بێگانە    ب- زانایانی كورد

بەشی دووەم : -

بەندی یەكەم : فرە ئەركی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەكان لە كارەكانی پێشوودا .

بەندی دووەم : أ- فرە ئەركی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەكان لە ئاستی (مۆرفولوژی و سینتاكس دا) .

ب-جۆرەكانی فرە ئەركیی مۆرفیمە ڕێزمانیەكان

بەشی سیٚ یەم : مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەكانی ( ڕەگەز) لە دیالێكی كرمانجی سەروودا ، وەكو نموونە بۆ دیاركردنی دیاردەی فرە ئەركی ( هەڵمان بژارد ).

بەشی یەكەم : فرە ئەركی مۆرفیمە ڕێزمانیەكان لە

زمانی كوردیدا – كرمانجی سەروودا (دەڤەری بادینان)

أ - بەندی یەكەم : فرە ئەركی (چەمك و پێناسە ) .

زاراوەی (فرە ئەرکی) بەرامبەر (Frequency)، یان ( Maltyfunctionar )ی ئینگلیزی ، کە بە (التعدد الوظیفی ) ی عەرەب دێت .

زانایانی زمانی کوردی ئەم بابەتە ، وەکو بابەتێکی سەربەخۆ با سمان نەکردووە ، چ لە رووی زاراوە ، یان لە ڕووی چەمك و پێناسە ، بەڵام هەندێك جار لە ژێر سیما و تایبەتمەندیەکانی ( مۆرفیمەکانی بەند – دارشتن و ڕێزمانی ) و جیاوازی نێوانیان باسی ئەرکی جۆرا و جۆری ئەو جۆرە مۆرفیمانە ، کە کاتێك دەچنە سەر بەشەکانی ئاخافتن ( ناو ، ئاوەلناو ، کار ، ... ) دەکە .

بە ڕاو بۆچوونی خۆمان ( فرە ئەرکی) بەشێوەیەکی ئەو چەمکە دەگەینیٚ .

- هاتنی مۆرفیمێك ، بە ( چەند چارك ، بە زنجیرەیەك ، بە چەند ژمارەیەك ) ئەرکی جیاواز لە یەك ئاستدا ، یان لە چەند ئاستێك لە ئاستەکانی زماندا .

بە هەمان شێوە دەتوانین پێناسەی ( فرە ئەرکی ) ی مۆرفیمە ڕێزمانیەکان بکەین :

( فرە ئەرکی مۆرفیمە ڕێزمانی ، ئەو جۆرە مۆرفیمانە دەگرێتەوە ، بە ژمارێك ئەرکی جۆرا و جۆر لە ئاستێك ، یان لە چەند ئاستێك دا لە ئاستەکانی زماندا (دەبینین یان جیٚ بەجیٚ دەکەن ).

ئەگەر بە ووردی سەیری ئەم پێناسە بکەین ، بۆمان دەردەکەوێت دیاردەی ( فرە ئەرکی ) لە سەر بنەمای ژمارەی ئەو ئەرکانە ، کە مۆرفیمە بەندەکان ( چ دارشتن ، یان ڕێزمانی ) لە چوارچێوەی قالبی وشە و فرێزدا دەگێرنەوە .

ب – بەندی دووەم : ( مۆرفیمە بەندی ڕێزمانی- چەمك و جۆر ) ، زانایانی کورد ، وەك کەرەستەیەکی تری زمانەکە و بەپێی ڕاو بۆچوون و سنوور و ناوەرۆکی کارەکەی خۆیان هەولیان داوە ناوێك ، یان زاراوەیەکی بۆ ئەم کەرەستە زمانییە دابنێن ، کە بەرامبەر (Inflectionel Morphean) ی ئینگلیزی و ( المورفیمات القواعدیە ) ی عەرەبی بگرێت . زانایانی کورد زاراوەی ( مۆرفێمە ڕێزمانیەکان ) یان دارشتووە .


 ( مۆرفێمی ڕێزمانی له ڕووی پۆلینكرن و پێناسه‌دا ) .

أ- لای زانایانی بێگانه : مۆرفیمی ڕێزمانی له ژێر خانه‌ی مۆرفیمی به‌ندی ئه‌ركی باسكراوه و به ڕا و بۆچوونی (كاتامبا ، جۆرج بول ، گرور هادسن و لورت ناد [1] ) مۆرفیمه ئه‌ركییه‌كان دوو جۆرن :-

١- **مۆرفیمی به‌ندی دارشتن** : ده‌بنه ئه‌گه‌ری گۆرینی واتای وشه - واتا ووشه‌ی نوێ دروست ده‌كه‌ن له ڕووی فۆرم و واتا .

٢- **مۆرفیمی به‌ندی ڕێزمانی** : ئه‌و جۆره مۆرفیمانه ، ده‌بنه ئه‌گه‌ری گۆرینی فۆرمی وشه ، واتا پۆل و حاله‌تی ڕێزمانی پیشان ده‌ده‌ن . هه‌روه‌كو له‌م نه‌خشه‌ی خواره‌وه دیاره :

مورفیمی به‌ند



به‌ندی دارشتن　　به‌ندی ڕێزمانی

---

١- بڕوانه Francis katamba, moriphogy.P20

-جورج بول ، برسی زبان ، ت.محمد نوری محمد، ص١١٨

-گرور هادسن ، مباحپ چروری و یتایادین زبانشتاس مقدماتی ، ت. علی بهرامی ، ص ٧١-٧٢

-لورت تاد ، مدخل بر زبانشناس ، سید اكیر میرحسنی ، ص٦٣

**ب-لای زانایانی كورد :**

**(ئەورەحمان حاجی مارف ، محەمەد ئەمین هەرامی ، صادق بهاالدین ، محەمەد معروف فەتاح ، غازی فاتح وەیسی ، وریا عمر أمین ...)[1] ، بە گشتی لە ژێر كارتێكرنی بیرو بۆچوونی زمان زان و زانایانی بێگانە ، مۆرفیمی ڕێزمانی لە سەر بنەمایی (ئەرك ) پۆلینكردووە :**

**مۆرفیمی بەندی ئەرك : ١- مۆرفیمی بەندی دارشتن**

**٢-مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی**

**بەم شێوەیە پێناسەیان كردووە :**

**١-مۆرفیمی دارشتن : ئەم جۆرە مۆرفیمانە دەچنە سەر مۆرفیمێكی تر بۆ دروستكردنی وشەی نوێ لە ڕووی فۆرم و واتاوە .**

**٢-مۆرفیمی ڕێزمانی : ئەو جۆرە مۆرفیمانەن ، دەچنە سەر مۆرفیمێكی تر بۆ دیاریكردنی ئەو پەیوەندی یە ڕێزمانیانەی ، كە لە نێوانیاندا پەیدا دەبێت لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا . واتا دەرخستنی ئەرك و حالەتە ڕێزمانیەكان .**

**ئەگەر بەچاوێكی بەراوردكاری سەیری ئەم پێناسانە بكەین چ لە لای زانایای كورد یان بێگانە دەیبینین :-**

**١-هەر دوولایان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بە مۆرفیمی ( ئەرك ) دادەنێن .**

**٢-بۆ ناساندنی هەردوو جۆرەكە پشت بە (ئەركە ڕێزمانیەكانیان ) دەبەستن و دەكرێن بە بنەمایەك .**

---

**١-ئەورەحمان حاجی مارف ، وشە ڕۆنان لە زمانی كوردیدا ، ل ٢٣**

**٢-محمد امین هەورەمانی ، سەرەتایەك لە فیلۆژی زمانی كوردی ، ل ١٩**

**٣-صادق بهاالدین ، ڕێزمانی كوردی كرمانجیا ژوری و ژێری یا هەڤبەركری ، ل ١٤٩**

**٤-غازی فاتح وەیسی ، جیاوازی نێوان وشە و مۆرفیم ، گۆڤاری كاروان ، ژ٣٨، ١٩٨٢، ل ١١**

**٥-وریا عمر امین ، چەند ئاسویەكی تری زمانەوانی ، ل ١١٩-١٢٠**

هەلسەنگاندنی کارەکانی پێشوو لە بارەی فرە ئەرکی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان :

زمان ئامیری لە یەك تێگەیشتن لە نێوان ئادەمیزادە ، کەرەستەکانی زمان نەك تەنها لە فرێز و ڕستە ، بەڵکو لە هەندێ دانەی تریشی هەن ڕۆڵ و بایەخیان کەمتر نییە لە کەرەستەکانی دی ، وەکو (مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان . ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە ، کە بەهۆیانەوە لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا . هەندێ حالەتی ڕێزمانی جۆرا و جۆر دروستدەبن و لەمیانەیادا ( فرە ئەرکی ) دروستدەبێت .

لە مێژە زمانەوانانی کورد لەم بابەتە کولینەوە و وتار و نووسین بلاویانکردۆتەوە ، هەروەها لەم سالانەی دواییدا هەندێك نامەی زانکۆی لە سەر ئامادەکراوە و ئاماژەیان بە ئەرکەکانی ئەم جۆرە مۆرفیمانانە داوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ئاخافتن لە مەڕ ئەرکەکانی مۆرفیم دا وەکو دیاردەیەك تائێستا و هەروەها وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لێکۆلینەوە لە سەر ئەنجام نەدراوە .

گرنگتریان ئەمانەن :-

- عەبدوللا حوسین ڕەسول لە نامەی دکتۆراکەی دا ، کە بەناونیشانی ( مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار لە زمانی کوردیدا)[1] .

مامۆستا لە ژێر باڵی مۆرفیمی بەندی ئەرکی دا باسی مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکان و جۆرەکانی دەکات و دەلێت ((زۆربەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان سەربەکارن))[2]. بەم شێوەی خوارەوە دەستنیشان دەکات :-

مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار

١-ڕەگ.

٢-کات : -ڕابرڕدوو (ا، ی، ت، و، د،...)

-ڕانەبردوو(دە، دێ،...)

٣- ڕاناوە لکاوەکان : - ڕابردوو (تێپەر / م ، ت، ، ی ، مان ،تان ،یان )

(تێنەپەر/م ، یت ، $\phi$ ، ین ،ن ، ن)

- رانەبڕدوو / تێپەر و تێنەپەر (م ، یت ، ان ، ێن ، ین ، ن )

---

١-عەبدەڵلا حوسین ڕەسول ، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی کوردی دا . ٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٧٩

سليمان ئيسماعيل رجب ، لەنامەی ماستەرەکەیدا ((مۆرفیمیێن ڕێزمانی د زمانێ کوردی دا – کرمانجیا سەروو (دەڤەرا بادینان ))[1] .

ناوبڕاو باس لە مۆرفیمە ڕێزمانیانە دەکات دەچنە سەر بەشەکانی ئاخفتن ( ناو ، ئاوەلناو ، کار، ...) هەندێ حالەتی ڕێزمانی و ئەرکی جیا جیا دروستدەکەن ، وەکو مۆرفیمی ڕەگەزی (نێر و مێ ) و دەلێت ((هەر چەندە ئەرکێ سەرەکی یێن ڤان مۆرفیمان بتنێ دیارکرنا نێر و مێ یان نینە د ڕستێدا ، بەلێ نێر و مێ ل دویف ڤی حالەتی دهێنە جیاکرن ، وەکو لە حالەتی تیان ، بانگکردن ، دووبارە ،...هند.[2]

هەروەها باسی مۆرفیمی (ڤە ،ەڤە) لە کرمانجی سەروودا دەکات ، کە بەرامبەر(ەوە) یلە کرمانجی خواروودا رادەوەستێت ، جگە لە ئەرکە بنەرەتیەکەی کە (دووبارەکردنە) ، هەندێك جار وەکو مۆرفیمی دارشتن (وشەگۆر) دێت وەکو :

خارن ــــ ڤەخارن

کرن ــــ ڤەکرن

بەهەمان شێوە باسی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار دەکات و یەکەیەکە دەستنیشان دەکات .[3]

ئەوەی جێیی تێبینیە ناوبراو ، وەکو دیاردەیەکی ڕێزمانی فرە ئەرکیی ئەم مۆرفیمانە باسی نەکردووە .

---

١-سلیمان اسماعیل رجب ، مۆرفیمێن ڕێزمانی دزمانێ کوردی دا کرمانجیا سەروو(دەڤەرا بادینان )

٢- هەمان سەرچاوە ، ل ٣٦

٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەرە

سگڤان جميل له نامەی ماستەرەکەی دا((مۆرفیمی (ـا)و تایبەتمەندییێن وی دکرمانجیا ژۆریدا ) [1] .

توێژەر له بەندی دووەمی ئەم نامەیەدا ، له ژێر( ناونیشانی (ــا) ئێك مۆرفیم یان چەند مۆرفیمەك) ڕۆڵ و ئەرکی ئەم مۆرفیمه له ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دا ڕۆن دەکات . بۆ ئەوەی سنورێکی له نێوانیان دابنێت ، تا تێکەڵی یەك نەبن . لەربەر ئەوەش هەر له لاپەری ٤٨-٥١ له ژێر بەندی ئەرکێن مۆرفۆلۆژییێن مۆرفیما(ـا) )) به نموونەوە باسی دەرکەوتنی ئەو مۆرفیمه کردووە ، وەکو :-

١- پاشگر : مێردینا ، هەسنا ، زانا ، گرکا ،...)

٢- ناوگر : خەبتین ، خەبات، هەدرین ، هەدار ،...

٣- ناوبەند : سەرانسەر ، بەرانبەر ،...

هەروەها له لاپەری ٩٠- ١٦٥ لەوە دەدوێت ، که مۆرفیمی ڕێزمانی (ـا) له توانای دایه له ئاستی سینتاکس دا چەند ئەرکێکی ڕێزمانی بگێرێت ، وەکو :

أ – له دۆخی ڕاستەوخۆ دا چەند ڕۆلێك دەبینیٚ :

١- خستنه پال ٢-بەردەوامی ٣- ڕابردووی تەواو ٤-ئاماژە ٥-کینونه

ب-له دۆخی ناراستەخۆ دا وەکو نیشانەی کاتی ڕابردووی خۆی دەنوێنیٚ ، نموونه:

جۆتیارا زەڤیا مەزن کێلا . ( تافیٚ ڕابردوو)

---

١- سگڤان جميل محمد ، مۆرفیمی (ــا) و تایبەتنمەندییێن ویٚ دکرمانجیا ژۆریدا .

پاش خستنە رووی هەندێك لەو كارانەی ، كە لە باری مۆرفیمی رێزمانی و ئەركەكانیان كراوە ، كە گەیشتنە:

**١-زۆربەی كارەكان بە شێوەیەكی گشتی و لە ژێر تیشكی ئاستی مۆرفولۆژی و سینتاكسدا یە. ئەرك و حالەتە رێزمانییەكانی جیا جیای ئەم جۆرە مۆرفیمانە دەتنیشانكراوە ، بەڵام ئاماژەیان نەكردووە ، كە لە ئەنجامی تێكەڵبوونی ئەم دوو ئاستە رێزمانییە ئەم ئەرك و حالەتە رێزمانیانەی جیاواز دروست دەبێت و دەبێتە هۆی دروستبوونی ( دیاردەی فرە ئەركی) .**

**ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ دیاردەی ( فرە ئەركی ) دیاردەیەكی مۆرفۆسینتاكسی یە .**

**٢- وەكو دیاردەیەكی سەربەخۆ بە تێر و تەسەلی نەخراووتە روو ، هەروەها وەكو دیاردەیەكی رێزمانی باسی نەكراوە.**

**٣- ئەگەری بوونی ئەم دیاردە رێزمانیە دەستنیشانكراوە.**

**٤- هەروەها جۆرەكانی ئەم دیاردەیە پۆلینی نەكراون.**

**فرە ئەركە مۆرفیمە رێزمانیەكان لە ئاستی**

**( مۆرفولۆژی و سینتاكسدا)**

مۆرفولۆژی لە یاسای دروستكردنی وشەكان ، یان ( مۆرفیمەكان ، یان جۆرەكانیان ) دەكۆڵێتەوە ، بەڵام سینتاكس لەو پەیوەندیە سینتاكسیانە دەكۆڵێتەوە كە لەنێوان وشە و (مۆرفیمەكان ) و فرێزدا لە چوارچێوەی رستەدا دروست دەبێت ، بە واتایەكی تر مۆرفولۆژی دیاریكردنی فۆرم ( قالب) ەكان و واتاكانیان ، سینتاكسیش دیاریكردنی رۆڵ و ئەركەكان .

مۆرفیمی بەندی رێزمانی مۆرفیمێكی سینتاكسی یە و لە چوارچێوەی فرێز و رستەدا ئەرك و حالەتی رێزمانی جۆراو جۆر دەبینێت و بەو كەرەسانە دەژمێردرێن كاریگەرینە [1] . واتا لە ئاستی مۆرفولۆژیدا دراسە دەكرێت وەكو مۆرفیم (فۆرم ) و جالاكی سینتاكسی لە ئاستی سینتاكسدا نیشان دەدەن ، بە واتایەكی تر كەرەستە جۆر بەجۆرەكانی مۆرفولۆژی دەكەونەوە ژێر كاریگەری ئاستی سینتاكس و پەیوەندیەكی (رێزمانی) بە پێی یاسای زمانەكە لە پێكهات و دروستكردنی وشە و فرێز و رستەدا دروستدەكەن ، بەپێی ئەم كاریگەرییە حالەتی رێزمانی جیاواز روودەدات لە ئەنجامی دیاردەی (فرەئەركی ) دروستدەبێت ، بۆ نموونە مۆرفیمی (ێ ) لە كرمانجی سەروودا لە چوارچێوەی رستەدا چەند ئەركێك جێ بەجێ دەكات (٢):-

---

**١-بۆ زانینی زیاتر بڕوانە : بازیان یونس محی الدین ، پەیوەندی ئاستی مۆرفولۆژی و سینتاكس ، ل١٠٢**

**٢-لەیلا جەلیل عەباس دەلۆ ، مۆرفیمەكانی (ی) لە زمانی كوردیدا – بەكەرەستەی كرمانجی خواروو و ژووروو ، ل ٥٤**

١-مۆرفیمی ڕەگەزی (نێرە)

٢-مۆرفیمی خستنەپالدا .

٣-مۆرفیمی ژمارە ،...

لە هەمان کاتدا هەندێ مۆرفیم هەن لە ئاستی مۆرفولۆژیدا وەکو پاشگر ، پێشگر یان ناوگر) خۆیان دەنوێنن.

جۆرەکانی فرەئەرکی

بەپێی ئەم چەمك و پێناسەیە ، کە پێشتر بۆ ئەم دیاردەیە دانرا ، کە ئەمە دەگەیێنێ هەڵسانی مۆرفیمێك بە ئەنجامدانی ئەرکێکی ڕێزمانی دی لە پال ئەرکە بنەرەتیکەی دا ، لە یەك ئاست دا یان پتر لە ئاستێکدا لە ئاستەکانی زمان .

بەم پێیە دەتونین دوو جۆرە ( فرە ئەرکی ) دەسنیشانبکەین :

جۆری یەکەم : فرە ئەرکی لە یەك ئاست دا .   جۆری دووەم : فرە ئەرکی لە پتر لە ئاستێکدا .

جۆری یەکەم : فرە ئەرکی لە یەك ئاستدا بەو ئەرکە جۆراو جۆرانە دەوترێت . کە تەنها لە یەك ئاستدا ڕۆڵ دەگێرن ، بۆ نموونە (ڕاناوە لکاوەکان ) لە کرمانجی خواروودا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیین تەنها لە ئاستی سینتاکس دا ڕۆڵ دەگێرن و ئەم ئەرکانە جێ بەجێ دەکەن (١) .

١-ئەرکی ڕێکەوتن : من هاتم ، هاوژین نانەکەی خوارد .

٢-ئەرکی هەیی ( تملك) : قەلەمەکەی ئەو بزر بوو ، جانتاکەیان بزر بوو .

٣-ئەرکی بەرکاری : من کتێبەکەم بۆ ئەوان نارد ـــــــــ من کتێبەکەم بۆیان نارد .

مۆرفیمی (دە) ئەم ئەرکانە دەبەخشن :

١-(دە) وەکو نیشانەی ڕانەبردوو دێت : دەڕۆم ، دەخۆم .

٢-(دە) وەکو نیشانەی بەردەوامی : دەم خوارد، دەم نووسی.

---

١-ئازاد ئەمین فەرەج ، مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروو، ل ٦٥-٩٢

مۆرفیمی (و) ئەم ئەرکانە دەبەخشن [1]:-

١-وەك پاشگر دێت لە دروستکردنی ناوی بکەر: سەرشکاو ، دڵ شکاو ، باڵ شکاو ...

٢-وەکو ناوبەند بۆ گرێدان و بەستنی دوو مۆرفیم و دروستکردنی وشەی لێکدراوی بەستراو ، نموونە :

پارە و پۆل ، جل و مل ، کورج و گۆڵ ...کەچی لە ئاستی سینتاکسدا ، وەکو ئامرازی گەینەر بەکاردێت بۆ لێکدانی دوو ڕستە [2]: من چۆم و ئەو هات.

هەر لەبەر ئەمەش دەتوانین بڵێین دیاردەی ( فرە ئەرکی ) لەم دوو ئاستەدا ڕوودەدەن ، بە تێکەلبوونیان حالەتی ڕێزمانی جیاواز دروستدەبێت کە پێی دەوترێت مۆرفوسینتاکس .

دەتوانین ئەم پرۆسە ڕێزمانیانە ، کە لەم دوو ئاستەدا ڕوویان داوە وەکو یاسا بەم نەخشەی خوارەوە ڕۆنیان بکەین :

ئەرکی مۆرفولوژی+ئەرکی سینتاکس =دیاردەی فرە ئەرکی لە مۆرفۆسینتاکسیدا

جۆری دووەم: فرە ئەرکی پتر لە یەك ئاستێکدا ، ئەم جۆرە ئەرکانە دەگرێتەوە ، کە مۆرفیمێك پتر لە ئاستێکدا (مۆرفولوژی و سینتاکسدا) چەند ئەرکێك دەبینێت ، بۆ نموونە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیەکان ئەرکیان گەیاندنی جۆرەها واتای گراماتیکیە لە چوارچێوەی فرێز و رستەدا ، وەکو مۆرفیمی بەندی(ە)یە . لە ئاستی سینتاکسدا وەکو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دەردەکەوێت[3] و ئەم ڕۆل و ئەرکانە دەبینێن :

١-(ە)وەکو نیشانەی کاتی ئێستایە : منالەکە جوانە ، مالەکە پاکە .

٢-(ە)وەکو نیشانەی بانکهێنەر بۆ ڕەگەزی (نێرە) : کۆرە وەرە ، مامە بڕۆ .

٣-(ە)وەکو مۆرفیمی پەیوەندی لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا : پیاوە هەژارەکە هات .

٤-(ە) وەکو ڕاناوی لکاوی(ڕێککەوتنە) لە ڕستەی داخوازی : بنووسە ، بکرە ، بخوێنە .

---

١-وریا عمر امین

٢-شیرکو حەمە ئەمین ، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان لە دیالێکتی گۆراندا، ل ٦٥

٣-نازنین جلال ئەحمەد،ڕستە لە ڕووی دارشتنەوە لە زمانی کوردیدا، ل٨٥

ئەوەی جێی سەرنجە زۆربەی ئەم جۆرە مۆرفیمانە بە هەمان فۆرمیان لە ئاستی مۆرفولۆژیدا وەکو مۆرفیمی (بەندی دارشتن) ڕەفتار دەکەن ، وشەی نوێ دروستدەکەن . هەر مۆرفیمی (ە) وەکو نموونە لە ئاستی مۆرفولوژیدا. وەکو:

١-(ە) وەکو پاشگر : حەفتە ، سەدە ، پرسە ،...

٢-(ە) وەکو ناوبەند : گولە گەنم ، بەردە نوێژ،...

ئەوەی شایانی باسە مۆرفیمی (ە) هەندێك جار لە هەمان وشەدا دوو ئەرك دەبینێت ، وەکو ناوبەند ، وەکو (پاشگر ) خۆی دەنوێنێت (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٣) ، نموونە: گولە بەرۆژ(ناوبەند +پاشگر) ، گوڵاڵە سورە (ناوبەند +پاشگر)

هەنارە ترشە ( ناوبەندە+ پاشگر)

مۆرفیمەکانی فرە ئەرکی ئەم ناونانە زۆر بۆی پەسەند و گونجاوە ، چونکە ئەم مۆرفیمانە (کە مۆرفیمی ڕەگەزن ) لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردی- گوڤەری بادینی-ئەم مۆرفیمانە لە گەل ئەوەی لە یەك کاتدا و لە یەك جێگا دا ، چەند سیمایێك یان ئەرکێکی ڕێزمانی جێ بەجێ دەکەن ، هەروەها دەتوانن بە هەمان فۆرمیان لە جێگای جۆراو جۆر ئەرکی جۆرا و جۆر ببەخشن ، لەو ئەرکانەن کە سەرەکین (٦) مۆرفیم تێیدا بەشدارن ، سیمای ( ڕەگەز ، ژمارە) جگە لەم هەردوو سیمایانە سیمای تریش هەن بە هۆی ئەو دۆخەی کە تیادە هاتووە ئەرکەکانی دیاری دەکرێت ، ئەوانیش( خستنە پال یان (ڕاستەوخۆ) ، تیان( نەڕاستەوخۆ)

تەواوی ، کەینوونە ، بەردەوامی ، ئاماژە ، بانکگردن ) ، بۆ نموونە :

ئێك / لە دۆخی تیاندا (ێ ، ی) بەکاردەهێنرێن :

کورێ ئەحمەدی ، (ی) دووای ناوەکە(دۆخی تیان ، نێر ، تاك ، ئەرکی سەرەکی دیارخەری فرێز دەبینێت).

برایێ نەسرینێ ، (ێ) ی دووای ناوەکە( دۆخی تیان ، مێ ، تاك ، ئەرکی سەرەکی دیارخەری فرێز دەبینێت ).

دوو/ (ێ،ا) وەکو دوو مۆرفیمی ڕەگەزی نێر و مێ ، زۆر ئەرکی تر جێ بەجێ دەکات لە جێگای جۆرا و جۆر دا ، بۆ نموونە :

أ-لە دۆخی خستنەپالدا دەردەکەوێت : کچا من ، ئەو (ا) نێوانیاندە ( خستنە پال ، مێ ، تاك ) دەگەیێنێت.

برایێ من ، (ێ ) لە نێواندا (ژمارە-تاك، ڕەگەز-نێر، دۆخی خستنە سەری ) دەگەیێنێت .

ب-تەواوی : مۆرفیمی تەواو لە گۆڤەری بادینی دا بریتیە لە (ی...ە) ، بەڵام زۆر جار (ە) کۆتایی دەگۆڕێت بە مۆرفیمەکانی (ا،یٚ ، ێن ) بە پێی ژمارە و ڕەگەزی بکەر تەنیا لە شێوەی ئەرێی رووتدا(Declaratives )، کەچی لە ئەرێی پرسدا روونادات، وەکو:

نەسرین چوویە ؟

دەگۆردرێت بە : نەسرینا چووی ϕ. (ـــا) کو (تەواوی ، تاکایەتی ، ڕەگەزیٚ میٚ ) دەگەیێنێت .

ئازادیٚ هاتی . (یٚ) ﴿تەواوی، تاك ، ڕەگەز(نێر) ﴾.

ئەگەر بیکەینە نەریٚ نیشانەی تەواوی دەگەرێتەوە ، وەکو :

(نەسرین نەچوویە) . (ئازاد نەهاتیە).

٣-ئاماژە : ئاوەلناوی ئاماژە لە گۆڤەری بادینیدا بەم شێوەیەن :-

ئەڤ....ە: ئاوەلناوی ئاماژەیە بۆ نێزیك

ئەو....هە: ئاوەلناوی ئاماژە یە بۆ دوور

لە ئاوەلناوی ئاماژە بۆ دووردا لە بەر پاشپرتکی (هە) کە لە دوای ناو دێت ، بەم شێوەیە :

(ئەو زەلامیٚ هە ). (یٚ/ خستنە سەر ، ئاماژە ، نێر ، نێزیك)

ئەو ژنکا هە . (ا/خستنە پال ، ئاماژە ، میٚ ، تاك )

ئەم دوو مۆرفیمە(یٚ ، ا) ئەرکی نفس دەبینن لە دوخی ئاماژەدا، و لە دۆخی خستنە پالیش دا جیٚ بەجیٚ دەکات ، چونکە (هە) وەك دیارخەرەك رەفتاری لە گەڵ دەکرێت و بۆ زیادکردنی دیارکەر بۆ دیارکراو لە گۆڤەری بادینیدا پێویستمان بە مۆرفیمەکانی خستنە پالە ( ئەمە ئەگەر دیارخەر لە دوای سەرە هات ).

هەتا ئەگەر فرێز کەوتە دۆخی تیانیشدا (نەراستەوخۆ) مۆرفیمی خستنەپال (ا،یٚ) وەردەگرێت ، وەکو :

ئەوی زەلامیٚ هە . (یٚ )

ئەویٚ ژنکا هە . (ا)

ئەو(ئاوەلناوی نیشانە) +یٚ/ی (مۆرفیمی دۆخی تیان ) +زەلام/ژنك (سەرە) +یٚ/ی (مۆرفیمی دۆخی تیان) +ا/یٚ (مۆرفیمی خستنە سەر) +هە

له زمانی کوردیدا ئەگەر مۆرفیمەکانی دۆخی ڕاستەوخۆ گەیشتە مۆرفیمەکانی دۆخی نەڕاستەوخۆ، مۆرفیمەکانی دۆخی ناراستەوخۆ لادەدرێن ، بەڵام کۆپیەکانیان دەمینێن ، نموونە:

ئــــەویٚ ژنـــکـــــا هـــە

لەرووی سەرەوە (یٚ) رەسەن (نەکۆپیکراو) دەبێتە (ϕ) دەرناکەوێت و دەمینێت لە رووی ناوەوە .

٤-کەینونە :-

دوو جۆرە کاری (بوو) هەن ، لە گۆڤەری بادینیدا (بوو) بە واتا (کان ) ی زمانی عەرەبی ، (بوو) بە واتا (صار) بۆ جیاکردنەوەی مۆرفیمی (ا،یٚ) رۆلێکی کاریگەر دەبینێت ، بۆ نموونە :-

ئا سمانیٚ شین بوو .——— کانت السماو زرقاو.

ئا سمان شین بوو . ——— صارت السماو زرقاو.

کەواتە ئەو (بوو) کە بە واتای (کان) دێت ، بکەرەکەی مۆرفیمەکانی (یٚ ، ا) بە پێی ڕەگەزی ناوی بکەری وەردەگیرێت ، بۆ نموونە :-

نەسرینا زیرەك بوو . (ـا= تاك ، میٚ ، کەینونە)

ئازادیٚ پاقژ بوو .            (یٚ =تاك ، نێر، کەینونە)

لە دەمی ڕانەبردوودا (ئێستا ، داهاتوو ) شدا دەردەکەوێت ، بەڵام ئەگەر کار(بوو) بێت و بە واتای (کان)ە، بێت ، وەکو :

نەسرینا زیرەکە. (ە)

نەسرینا زیرەك دبیت.

ئازادیٚ پاقژە .

ئازادیٚ پاقژ دبیت .

٥-بەردەوامی :-

لە گۆڤەری بادینیدا جگە لە ئێستای تەواو ، دوو جورە تێنس هەن بۆ دەمی ئێستا ، ئەوانیش:

أ-تێنسی ئێستای سادە ، وەکو : نارین دچیت .

ب-تێنسی ئێستای بەردەوام ، وەکو : نارینا دچیت.

ئەگەر کار تێپەر بێت یان تێنەپەر بیت ، مۆرفیمەکانی (ێ/ا) لە گەڵ بکەر دەردەکەوێت ، بۆ جیاکردنەوەی تێنسی (تافی )ئێستای سادە لە ئێستای بەردەوام ، بەم ڕەنگە ئەم مۆرفیمانە ئەرکێکی تری ئەنجام دەدەن ، بەم شێوەیە :-

کاروانـــێ وانــێ دنـڤیست .

دوخی بەردەوامی تاك نێر(تافێ ئێستای سادە)

نەسرینا ستراناں دبێژیت .

مێ تاك بەردەوامی

سێ/ دۆخی بانگکردن :

دوو مۆرفیمی کاریگەر ڕۆڵ دەبینن لەم دوخەدا (ێ، و) و جگە لە ئەرکی بانگکردن دوو ئەرکی تر جێ بەجێدەکەن ، بەم شێوەیە :

کچـێ بخـوینــە .

تاك مێ بانگکردن

کورو هەرە .

نێر تاك بانگکردن


ڤان سێ گروپێن مۆرفیمان ئەم دشێین بڤی خشتەی دەربرین:

<table>
<tr><th>دوخ/ڕەگەز</th><th>نێر</th><th>مێ</th></tr>
<tr><td>راستەوخۆ<table><tr><td>خستنەپال</td><td>بەردەوامی</td><td>تەواوی</td><td>ئاماژە</td><td>کەینونە</td></tr></table></td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>ناراستەخۆ(تیان)</td><td></td><td></td></tr>
<tr><td>بانگکردن</td><td></td><td></td></tr>
</table>

مۆرفیمەکانی (ا، ێ) وەکو پێشتر ئاماژە پێکرد، جگە لە دەربرین لە ژمارە(تاك) و ڕەگەز (نێر و مێ )، هەروەها هەندێ ئەرکی تریش جێ بەجێدەکەن ، وەکو ( کەینونە ، تەواوی ، بەردەوامی ، خستنە پال ، ئاماژە).

تێبینی //جگە لەم سێ گرۆپەی مورفیم کە دەربرین لە تاکیەتی دەکەن لە رووی ژمارەوە ، مورفیمەکانی (ێن ، ان ، ینو ) ش هەن ، کە هەمان کار ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەمانە بۆ کۆ بەکاردێن و هیچ ڕەگەزێکی تیادا دیارناکریچت ، واتا بۆ نێر و مێ هەمان مۆرف بەکاردێت لە کۆکردندا ، وەکو :-

١-لە دوخی خستنەپاڵدا : قوتابیێن زیرەك




دەتوانێت هەمو ئەرکەکانی تریش وەکو ( کەینونە ، بەردەوامی ، تەواوی ، ئاماژە ) بەکاردێت بە پێی ئەو جێگایەی تیادا دەردەکەویچت .

٢-لە دوخی تیاندا : هەمی قوتابیان . (یان/کوکردن ، تیان )

٣-لە دوخی بانگکردن : کوردینو ، کچینو (ینو/بانگکردن ، کۆکردن)

## سەرچاوەکان


أ-بە زمانی کوردی :

١-ئەورحمان حاجی مارف ، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٧.

٢-ئەبو بەکر عومەر قادر ، بەراوردێکی مۆرفوسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا ، نامەی دکتورا، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سلیمانی ، ٢٠٠٣.

٣-ئازاد ئەمین فەرەج ، مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروودا ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە-یئبن روشد، زانکۆی بەغدا ،١٩٩٨.

٤-بازیان یونس محی الدین ، پەیوەندی ئاستی مۆرفولوجی بە ئاستی فۆنۆلوجی و سینتاکس ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ،٢٠٠٥.

٥-سلێمان اسماعیل رجب ، مۆرفیمێن ڕێزمانیێن د زمانێن کرمانجیا سەروودا ( دەڤەرا بادینان) ، نامەی ماستەر ، زانکۆی صلاح الدین ، هەولێر ، ٢٠٠٧.

٦-سگڤان جمیل محەمەد ، مۆرفیمی (ـا) و تایبەتمەندییێن وی دکرمانجیا ژووریدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی دهوك ، ٢٠٠٨.

٧- صادق بهاالدین ، ڕێزمانی کوردی کرمانجیا ژووری و ژێری یا هەفبەرکری ، چ١، زانکوی صلاح الدین ، هەولێر ، ١٩٨٧.

٨-عەبدوللا حوسێن ڕەسول ، مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتورا ، کۆلیجی پەروەردی –ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا ، ١٩٩٥.

٩-غازی فاتح وەیسی ، جیاوازی نێوان وشە و مۆرفیم ، گۆڤاری کاروان ، ژ٣٨،١٩٨٢.

١٠-محمد امین هەورامی، سەرەتایەك لە فیولوژی زمانی کوردی ، بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی ،چاپخانەی مەعاریف ، ەغدا ، ١٩٧٣.

١١-وریا عمر امین ، چەند ئاسویەکی تری زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٤.

أ- بە زمانی فارسی

١-جۆرج پۆل، برسی زبان ، ت.محمد نوری محمد ، چاپ پینجم، انتشارات دهنما ، تهران ١٣٨٤،(٢٠٠٥).

٢-گرور هادسن ، مباحپ چروری و بنیادبن زبانشتاس مقدماتی ، ت. علی برامی ، چاپ اول ، تهران، ٢٠٠٤.

٣-لرت تاد، مدخل بر زبانشناسی ، ت.د.روسید اکبر میرحسنی، صاپ١، مرکز ترجمه و نشر کتاب ، چاپخانەی علامه گباگبائی ، ١٣٧٥(١٩٩٦).

**ج-بەزمانی ئینگلیزی:**

1-Bloomfield.l.Langnage,NewYork,1933

2-Elisabeth O.selkirk, Thesyntax of words, The MIT press Cambridge, MassachusettsLondon,England.

# The multi-Functions of morphemes in Northern Kermanji Kurdish

**Dr . nazaneen .j .Ahmed**

**Iraq -Kurdistan region / Duhok University**

**Abstract:**

Traditional and modern linguistic studies haven't dealt with the topic of the multi-functions of morphemes directly. Thus this topic has been chosen for research with respect to the concept of multi-functional morphemes and their morph-syntactic features.

The most important finding of this study is that the morph-syntactic phenomenon is realized at the morphological and syntactic lead to by inflectional and derivational morphemes which fulfill many functions in addition their basic functions,

This support Selkirk's view that there inflectional and derivational morpheme may have a common origin .